# وەلامێکی درەنگوەخت بۆ کاکە دەرسیم دێبەگەیی،

# سەبارەت بەلیستی تاوانبارانی کورد



ژمارە (٢٢٥) ٢٣ ی حوزەیرانی ٢٠٠٧

هەواڵ و سیاسەت

ئەو تاوانبارانەی لە دادگای ئەنفال دەبێت ڕابکێشرێنە دادگا

جەماوەر لیستی داواکراوەکانی دادگای ئەنفال بلاو دەکاتەوە

لە کۆی 423 داواکراو 267 کەس کوردی کۆنە موستەشار و بەعسین

## عەلی مەحمود محەمەد

مانگی پێشو لە ماڵپەرِەکاندا بابەتیكَ لە نوسینی کاك دەرسیم دیبەگەیی بڵاو کرایەوە لەژێَر ناوی ( ناوی سەرۆک جاشی فەوجە سووکەکان و مەفرەزە تایبەتییەکانی سەدام بەگوێرەی ریزبەندی لًیتەکان ),کە لە خوارەوە لینکەکانی بڵاو دەکەمەوە,لە بەشێکیدا پەرەگرافێکی پەیوەندی بە منەوە هەیە تیایدا هاتووە (خوێنەرانی بەرێز لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٨)دا لیستێکی ناوی هەندێک لە سەرۆک جاش، مەفرەزە

تایبەتییەکانی سەربە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و ئەمن و هەندێک لە لێاوەکانی رژێمم دروستکرد

بەتایبەت ئەوانەی کە بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانیان کردبوو، ژمارەیان لەسەرووی (٢٥٠) کەسێک دەبوو. ئەو لیستەیە برادەرێکی رێکخراوی چاودێری کوردۆساید داوای لێکردم بۆ زانیاری خۆی، کەچی دواتر بینیم لە زۆرێک لە رۆژنامەکانی کوردستان و ماڵڵەڕە کوردییەکان بڵاوکرایەوە، وەلێ لە ژێرەوەیدا نووسرابوو ناوی ئەم سەرۆک جاش و مەفرەزە خاسانەمان لەلایەن بنەماڵەو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ هاتووە. ئەگەر ئەو برادەرە بەناوی خۆی یان بەناوی رێکخراوی کوردۆساید بڵاوی کردبایەوە هیچ لە دڵم گران نەدەبوو. ), ئەو ئەندامەی چاودیَری کوردۆساید منم ,هۆکاری درەنگ وەڵامدانەوەم بەهۆی نەبوونی ئەنتەرنیَت و کۆمپیتەرەوە بوو ,بەڵام وەك ئەرکیَکی ئەخلاقی بۆ ئەوەی گومانەکە لە سەر هاورِیَکانم و ئەم ریَکخراوە ئازاو نەترس و لە خۆ بردووە هەڵگرم بە پیَویستی دەزانم ,وەڵامیَکی زۆر کورت بە هاورِیَ و خۆشەویستم کاك دەرسیم بدەمەوە .

ئەو لیستە لە کویَوە دەرچووە

ئەو لیستەی کاك دەرسیم ئاماژەی پیَ دەدات لیستی دادگای باڵای تاوانەکانە کە لە بەرواری ٢٠-٨-٢٠٠٧ لە ژمارە ٢٣٧ی رۆژنامەی جەماوەر بڵاو کراوەتە ,لە دوای بڵاو کردنەوەی من و کاك دەرسیم هەردووك بە جیا پەیوەندیمان بە کاك بیَستوون نوری سەرنووسەری رۆژنامەکەوە کرد بۆ ئەوەی دەقی برِیارە ئەسڵیەکەمان دەست بکەویَت , تەنانەت یەکیَك لە جارەکان خودی کاکە دەرسیم منی نارد بۆ لای بەرِیَزی , دواتر پاش ماوەیەکی زۆر کە نزیك بە ٨ مانگی پیَچوو ئەوجا کاك بیَستوون بە دەستی خۆی ناوەکانی نوسیوەوە بۆ کاك دەرسیمی ناردبوو , بەرِیَزیشی بە منی وت ناوەکانم بۆ هاتووە , ئەویش بە سوپاسەوە ٢٦٤ ناوی لە ٤٢٣ ناوەکە وەك تۆمەتبارانی کورد لیَی جیا کردەوە وتی دەتوانن بڵاوی بکەنەوە , بەڵام وتی تا کتێبەکەم بڵاو دەکەمەوە سەرجەم ناوەکان بڵاو نەکریَتەوە , بەڵام دواتر لە سەر مەسئولیەت و داوای کاك مستەفا حەسەن گەورە و حەماسەتی ئەنتی جاشی ئەو پاش ماوەیەك بڵاومان کردەوە سەرەتا بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دواتریش بە زمانی کوردی .

بڵاو كردنەوەی ئەو ناوانە لە كاتی خۆیدا زۆر گرنگ بوو , ئێمە كارێكی باشمان كردووە ئەو ناوانەمان بڵاو كردۆتەوە , ئەو لیستە لیستی دادگای باڵای تاوانەكانە ئێمە مافی ئەوەمان نەبووەو نییە نە وەك لیستی ناوەندی چاك وە نە بە ناوی بەندەوە بڵاو بكرێتەوە , بەڵام ئێستا و ١٠٠ ساڵی تریش ناتوانین راستی چۆنییەتی بە دەست گەیشتنمان بشارینەوە .

بۆ ئەوەی كە لە خوارەوەی لیستەكەدا نووسیومانە كە ئەم ناوانەمان لە لایەن بنەماڵەی قوربانیانەوە بۆ هاتووە , مەبەست ئەو چوار ناوەیە وەك تێبینی لە پەراوێزی لیستەكە بڵاو كراوەتەوە ,نەك هەموو لیستەكە كە هەموو كورد دەزانێت ئەوە لیستی دادگای باڵای تانەكانە.

یەكەم لیست بۆ ناوی تاوانبارانی كورد ئەو لیستە بوو كاك نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا بڵاوی كردەوە لە كاتێكدا كەس نای وێرا ناویان بهێنێت , بەندە ئەو كاتیش لە ساڵی ١٩٩٥ هەمان لیستم بۆ چەندین جار لە رۆژنامەی چارەنوس و پاڵە بە ناوی بەرِێزییەوە بڵاو كردەوە كە دواتر لە ٢٠٠٠ كاك سەلام عەبدوڵا خستیە سەر ئەنتەرنێت , ساڵی ٢٠٠٧ لە دۆسیەی ئەنفالەوە پاش ماندو بونێكی دوو مانگی و هەڵدانەوەی ٩٠٠٠ لاپەرِە , لیستێكم درووست كرد لەو تاوانبارانەی ئەنفال كە لە دادگا سكاڵایان لێكرابوو , كە لە ژمارە ٢٣٥ رۆژنامەی هەواڵ لە بەرواری ٢٢-٦-٢٠٠٧بڵاو كرایەوە پێشتریش لە ماڵپەرِەكان بڵاو كرایەوە دوو هەرەشەشم بۆ هات لە لایەن ئەوانەی ناویان لە لیستەكەدا هاتبوو .

سەرباری ئەوە لیستی ناوی تۆمەتبارانی ئەنفال قۆناغ بە قۆناغ لە لایەن ئێمەوە ئامادە كراوە , هەر بە ناوی خودی رِێكخراوەكەوە بڵاو كراوەتەوە .

واتا ئێمە لیستی زۆرمان درووست كردووە , بۆ ئەوەی ماوە ماوە بڵاویان بكەینەوە و ئەو ناوە رەشانە لە زەینی تاك بە تاكی كۆمەڵگا بچەسپێت .

لە ئێستا بە دواشەوە وەكو پراتیك بۆ تۆمەتبارانی كورد ئەو لیستە ٢٥٨ كەسیە بڵاو دەكەینەوە كە دادگای باڵای تاوانەكان بڕیاری گرتنیانی دەركردووە كە لە لایەن رۆژنامەی ئاوێنەوە بڵاو كراوەتەوە , وە رۆژنامەی ئاوێنەش بە خاوەندی نازانین , بە بێ پرسی ئەوانیش بڵاوی دەكەینەوە , ئەوان تەنها دەستپێشخەریەكەیان كردووە و یەكەم لایەن بوونە بڵاویان كردۆتەوە , ئیتر ئێمە و خەڵكی دیكەش مافی خۆمانە بەكاریان بهێنینەوە.

لە كۆتاییدا دەڵێم كاك دەرسیم یەكێكە لەوانەی شوێن پەنجەی بە رسوا كردنی تۆمەتبارانی كوردەوە دیارە , بایی ئەوەندەی كردووە نەچێتە سەر ئەم شتە بچووكانە

, جیَی خۆیەتی دەست خۆشی لەو و لە رِیَکخراوەکەی ئیَمە چاودیَری کوردۆسایدو و ئەندامە ئازاکانی ((لە میَژووی کورددا هیچ لایەنیَك بە ئەندازەی ئەم ریَکخراوەی نەکردوە لەم بوارە بە تاوانبارانی کورد )) و  هەموو ئەوانە بکریَت هەمیشە تاوانبارانی کوردیان لە یادە و بە چرکەش لە رسوا کردنیان دەست  هەڵناگرن .

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکانە بکەن
:

http://www.kurdocide.com/ku/news.php?readmore=8413

http://www.kurdocide.com/ku/news.php?readmore=8488

http://www.kurdocide.com/ku/news.php?readmore=5089

http://www.kurdocide.com/ku/news.php?readmore=2788

http://klawrojna.com/index.php?option=com_content&view=article&id=21003:2010-11-07-06-41-07&catid=13&Itemid=30